# خستنه ڕووی کتێبی
# شائیسماعیلی یەکەم و جەنگی چاڵدێران

خستنه ڕووی/ مەم- ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان
khanaywargeran@yahoo.com

کتێبی"شائیسماعیلی یەکەمو جەنگی چاڵدێران" لێکۆڵینەوەی "هاشم حیجازی فەر"و (کەمال ڕەشید) لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی. ئەم کتێبە لە دووتوێی ١٧٦ لاپەڕەو بە چاپێکی جوانو بەزنجیرە (١)ی چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیریو بە تیراژی هەزار دانە بە چاپگەیاندراوە.

ئەم کتێبەی هاشم حیجازی، کە لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە شائیسماعیلی یەکەم، لە سێ بەشدا نووسەر ڕۆشنایی دەخاتە سەر زەمینەو هەلومەرجە سیاسییەکانی بەر لە هاتنە سەرحوکمی شائیسماعیل، هەروەها ئەو قۆناغەی کە شائیسماعیل لەسەر کورسی دەسەڵات دا بووە، لەگەڵ جەنگی چاڵدێرانو ڕۆڵی شائیسماعیل تیایدا.

ئەم کتێبە، زیاتر لەسەر ئەو قۆناغە دەوەستێو لێیدەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیی بەجەنگی چاڵدێرانو ڕۆڵی شائیسماعیلەوە هەیە نووسەر جەخت لەوە دەکات کە جەنگی چاڵدێران بە دەسپێکی قۆناغی دابەشکردنی کوردستان دادەنرێو لەدوای داگیرکردنی کوردستانو دواتر کوردستانی باشوور لەلایەن عوسمانیەکانەوە، ئەمە وایکرد کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو دەوڵەتی ئێراندا ببێتەوە ئەمری واقیع. دەبێ پێشوەخت ئاماژە بەوە بکەین ئەم کتێبەی هاشم حیجازی زیاتر پیاهەڵدانە بە شەخسیەتی شائیسماعیلو ڕۆڵی لەگەشەپێدانی مەزهەبی شیعەدا، بەڵام دیسانەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە مێژوویە چەندین لایەنی شاراوەی سەبارەت بە کوردستانو جەنگی چاڵدێران خستووەتە ڕوو" کە دەهێنێ لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی وردی لە بارەوە بکرێت. جەنگی چاڵدێران، هەروەك نووسەر لەم کتێبەیدا باسی دەکا، بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێ لە مێژووی سیاسیو سەربازیی ئێراندا، چونکە ئەو جەنگە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سوپای ئێرانە بەرامبەر بە چەکی گەرمی ئاگردار...

هەر لەم لێکۆڵینەوەیەیدا سەبارەت بە شائیسماعیلی یەکەمو جەنگی چاڵدێران، نووسەر ئاماژە بەوە دەکا: لەم جەنگەدا شکستی ئێرانیەکانو شائیسماعیلی یەکەم، سەرباری ئەو هەموو فیداکارییەی نواندیان، دەشێ وەك ڕووبەڕووبوونەوەی دوو شێوازو هەڵکەوتو توانای سەربازیو چاکسازیی لێی بکۆڵرێتەوە .

هەڵبەت جەنگی چاڵدێران، بەڵگەیەکی تری ئەو قسەیەیە کە تێکەڵاویی مەزهەبی شیعەو نەتەوە پەرستیی ئێرانییەکان هەمیشە ڕووداوو پێشهاتی سەیری لە مێژووی ئێراندا هێناوەتەدی، و زۆربەی مێژوونووسانیش پێکهێنانی دەوڵەتی سەفەوی بە خاڵی وەرچەرخانی مەزهەبییەکانی شیعە دادەنێنو لەمبارەیەشەوە نووسەری ئەم کتێبە پێیوایە: یەکێ لە هەستیارترین بڕگەکانی ڕەوتی شیعەگەرایی، بزووتنەوەی بەربڵاوی خەڵکی ئێرانە لە چوارچێوەی شۆڕشی ئیسلامیدا.

*　　　*　　　*

لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەیدا، هاشمی حیجازی فەر باس لە زەمینەو هەلومەرجە سیاسییەکانی بەر لە هاتنە سەر حوکمی شائیسماعیل دەکا . سەرەتا ڕۆشنایی دەخاتە سەر"قەرەقۆینلو" کە بەناوبانگترین هۆزی تورکمانەکان بووەو بریتی بوو لە قەرە قۆینلوییەکان کە قەرە یوسفی کوڕی قەرەمحەمەدی نەوەی بیرەمخواجە، کە باوكو دایکیشی لەناوچەی پاشاکانی جەلایری (ئیلکانی) دا ژیابوون، سەرۆکایەتی دەکردن.

لەمبارەیەوەو لەسەرەتای ئەم بەشەیدا، لێکۆڵیار کورتەیەك سەبارەت بە قەرەقۆینلوو هەروەها هەندێك لەشەڕەکان دەخاتە ڕوو کە دەکەونە ساڵەکانی نزیکەی ٨٠٠ بۆ ٩٠٠ی هیجری قەمەریو دواتر باس لە"ئاق قۆینلو" دەکا کە یەکێك

بووه لە هۆزە تورکمانییەکان کە لە ناوچەی تورمکستانەوە بەرەو ئازەربێجان کۆچی کردووەو دواتر ناوچەی دیاربەکری داگیر کردووە. .

هەر لەم بەشەدا، لێکۆڵیار باس لە پەیوەندیی نێوان"جونەید"و "جیهانشا" دەکا، کە جونەید کەسێکی بزێو بووەو هەروەها شیعە مەزهەب بووەو بە جارێ بووبووە مایەی نیگەرانیی"جیهانشا"ی فەرمانڕەوای قەرەقۆینلوو ئەمیرەکانی تری ئازەربێجانو پاشان نووسەر باس لە شێخ"جونەید" دەکا لە ئەنادۆڵی "قەرەمان" داو دواتر زیاتر درێژە بەباسی"جونەید" دەداو لەمبارەیەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕۆڵی جونەید لە سوریاو تەرابوزانداو هەروەها دیداری جونەیدو ئۆزۆن حەسەنو دواتر مردنی جونەید. .

هەر لەم بەشەی ئەم لێکۆڵینەوەیەیدا، حیجازی فەر ئاماژە بە مردنی هەریەکە لە جیهانشاو ئەبو سەعیدو ئۆزۆن حەسەن دەکا، کە ئەمی دواییان (واتا ئۆزۆن حەسەن) زیاتر لەوانی تر لەبارەیەوە دەدوێ کە بەڕەچەڵەك ئێرانی نەبووە، کەچی چووەتە ریزی سوڵتانەکانی ئێرانەوەو دژی سوڵتان محەمەد خاتەمی سوڵتانی عوسمانی جەنگاوە، بەڵام لە ئەنجامدا تێکشکاوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئۆزۆن حەسەن، هەروەك نووسەر باسی دەکا، کەڵکەڵەی فراوانخوازی کەوتووەتە سەریو بیری لە داگیرکردنی کوردستان، جۆرجیا، میسر، سوریا و ئازەربێجان کردووەتەوە. .

هەر لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، نووسەر باس لە هەریەکە لە سوڵتان خەلیلو یەعقوبی کوڕی ئۆزۆن حەسەن دەکا کە دوای کوشتنی باوکی دەسەڵاتی لە تەورێز گرتووەتە دەستو ١٢ساڵ حوکمڕانی کردووە، دواتر ڕۆشنایی دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان شێخ حەیدەرو یەعقوب لەنێوان ساڵەکانی ٨٨٢ تاوەکو ٨٩٢ی هیجری قەمەری کە دواتر نووسەر باس لە مردنی یەعقوب دەکا" کە لەساڵی ٨٩٦ی هیجری قەمەری دا مردووە کە هەندێ پێیان وابووە بە مردنی ئاسایی مردووەو هەندێکی تر پێیان وایە بەژەهر خواردکردنی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە مردووە.

لە کۆتاییەکانی ئەم بەشەدا، لێکۆڵیار ڕۆشنایی دەخاتە سەر پاشماوەی ئاق قۆینلوییەکانو لەمبارەیەوە ئاماژە بە چەندین کەسێتی دەکا" کەوەك پاشماوەی ئاق قۆینلوییەکانو لە قۆناغە جیاجیاکاندا ڕۆڵی گرنگیان لە جەنگو داگیرکاریی لە قۆناغی حوکمڕانیکردندا گێڕاوە.

* * *

بەشی دووەمی ئەم کتێبەی هاشمی حیجازی فەر تەرخانکراوە بۆ باسکردنی هاتنە سەرکاری شائیسماعیلی سەفەوی. سەرەتا لێکۆڵیار باس لە شائیسماعیل دەکا کە کوڕی حەیدەری بنەماڵەی سەفەوییەو نەوەی شێخ سەفییودینی ئەردەبیلییەو ڕۆژی ٢٥ی ڕەجەبی ساڵی ٨٩٢ی هیجری قەمەری واتا نزیکەی یەك ساڵ لەدوای کوژرانی حەیدەری باوکی، لە مەیدانی جەنگدا لە دایکبووەو لە تەمەنی شەش ساڵیدا عەلی برای بڕیاریداوە بەرەسمی ببێتە جێنشینی خۆیو دوای کوژرانی سوڵتان عەلیی برای لە ساڵی ٨٩٩ی هیجری قەمەریدا، دەبێتە سوڵتان.

هەر لەم بەشەدا، نووسەر ڕۆشنایی دەخاتە سەر چەندین لایەنی جیای ژیانی شائیسماعیلو لەمبارەیەوە باس لە چەندین پەیوەندیی شائیسماعیل دەکاو هەروەها ڕۆشنایش دەخاتە سەر ئەو ناوچە جیاجیایانەی شائیسماعیل تیایدا نیشتەجێ بووە، لەوانە ئەردەبیڵ، ڕەشتو، لاهیجانو چەندین جێگای تر.

لەمبارەیەوە نووسەر باس لەوە دەکا: شائیسماعیل تا ساڵی ٩٠٤ی هیجری قەمەری لەلای حاکمی"لاهیجان" ماوەتەوەو لەوەودوا کارکیا میرزا عەلی داوای لە شێخ شەمسەدینی لاهیجانو نەجمەدینی گەیلانی کردووە تا کاری پەروەردەکردنو فێرکردنی ئیسماعیل بگرنە ئەستۆو هەر لەو ماوەیەدا ئیسماعیل فێری خوێندنەوەی قورئانو سەرەتاکانی عەرەبی دەبێو بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵو بەمجۆرە لە لاهیجان دەمێنێتەوە.

هەر لەم بەشەدا نووسەر باس لەوە دەکا کە شائیسماعیل هەر لە تەمەنی ١٣ ساڵی دا لەناوچەی دەیلەمی خۆرئاوای دەریای قەزوینەوە بەرەو تارمو لە ساڵی٩٠٥ی هیجری قەمەریداو بە یاوەری ١٥٠٠ موریدی چەکداری شێخ حەیدەری باوکی دەچێ" کە هەر ئەو کاتانە خەڵکێکی زۆری ئەناتۆلیو هێزەکانی تری قزڵباشی لێ کۆدەبنەوە. . دواتر نووسەر لە گێڕانەوەی مێژووی خەباتو ژیانی شائیسماعیل بەردەوام دەبێو باس لەوە دەکا: شائیسماعیلی یەکەم بڕیاریدا

مەزهەبی شیعە بکاتە مەزهەبی رەسمیی ولاتو لەمبارەیەوە نووسەر پێی وایە ئەو کارەی شائیسماعیل لە خۆیدا کارێکی ملهوڕانەبووە، چونکە مەزهەبی دانیشتووانی ئێران تا ئەو کاتە سوننە بووەو تەنها ژمارەیەکی کەمی شیعە لە "کاشانو قومو رەی" دا هەبوون. .

نووسەر لەمبارەیەوە بەردەوام دەبێو پێی وایە: شائیسماعیل رەوانبێژێکی کەم وێنە بوو، نزیکەی ٩٠٠ ساڵ دوای روخانی دەوڵەتی ساسانیو سێ سەد ساڵ دوای ئیلغارە جیاجیاکان، کە شیرازەی ئێرانیان پچڕاندبوو، توانی دووبارە بناغەی حکومەتێکی سەربەخۆو یەکگرتوو دابرێژێتەوە.

سەبارەت بە کەسێتیی شائیسماعیل، نووسەر ئاماژە بەوە دەکا کە ئاکاری هەرە دیاری شائیسماعیل بریتی بووە لە پایەداریو پشوو درێژی بەرانبەر بەسەختیو ناخۆشیەکانو هەروەها خاوەنی ئیرادەیەکی پۆلاینیش بووە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانیداو سەرباری ئەوەی کە ئازایەتیو توندوتیژییەکەی وەك پیاوێکی زۆردار نیشان دەدا، بەڵام لەراستیدا پیاوێکی ئازادیخوازو بەخشندەبووە.

لە کۆتاییەکانی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەیدا، هاشم حیجازی باس لەمەزهەبی شیعە دەکاو پێی وایە سەردەمی سەفەوی لەرووی گەشەو پەرەسەندنی بیرو باوەڕی مەزهەبییەوە بە یەکێ لە باشترین سەردەمە مێژووییەکانی ئێران دادەنرێو شائیسماعیلو دەربارى سەفەوی بەهۆی پێویستیان بۆ ئاگاداربوون لە بنەماو یاساکانی مەزهەبی شیعە، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ دامەزراندنی ناوەندی مەزهەبیو، زیادکردنی کتێبو نووسراوە پەیوەندیدارەکان، بۆ هاتنەدیی ئەو ئامانجە، بە واتا فیقهەکانی مەزهەبی شیعە. .

دواتر هەر لە کۆتاییەکانی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەیدا، لێکۆڵیار بەدرێژیی باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی مەزهەبی شیعە دەکاو هەروەها چەندین بەڵگەنامەیش لەمبارەیەوە دەخاتە ڕوو. .

هەر لەم بەشەداو بۆ زیاتر رۆشنایی خستنە سەر بنەچەو ژیانو پێگەی عەشیرەتی شائیسماعیل، چەندین هێلکاری خراونەتەڕوو کە لە هەریەکەیاندا رۆشنایی خراوەتە سەر: رەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەوییەکانو رەچەڵەکی شائیسماعیلو هەروەها رەچەڵەكو بنەچەی دایکی شائیسماعیل.

* * *

بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکردنی جەنگی چاڵدێرانو شائیسماعیلی یەکەم. سەرەتا نووسەر باس لە سوڵتان سەلیمی عوسمانیو جەنگی چاڵدێران دەکا، کە دوای لەناوبردنی رکەبەرەکانی، سوڵتان سەلیم بڕیاریدا پەلاماری ئێران بداو هۆی بنەڕەتی بڕیارەکەیشی دەگەڕایەوە بۆ هەلومەرجی نوێی سیاسی- مەزهەبیو سەربازیی هەردوو ولاتی عوسمانیو ئێران.

هەر لەمبارەیەوە نووسەر دەنووسێ: سوڵتان سەلیمی عوسمانی، شائیسماعیلی بە پیاوێکی ترسناك دادەناو لەسەرێکی ترەوە بەنیازی پێکهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە جیهانی ئیسلامیدا بوو، بۆیە هیچ چارەیەك بێجگە لە لەناوبردنی شای تازەی دەسەلات پەیدا کردووی ئێران نەبوو.

سەبارەت بە ئەم هەڵوێستانەی سوڵتان سەلیم بەرانبەر بە شائیسماعیلو هەر لەسەرەتاکانی ئەم بەشەدا، لێکۆڵیار باس لەوە دەکا: عەشایەرەکانی ئێران رەفزی سوڵتان سەلیمیان کردو دەسەلاتو سەربەخۆیی خۆیان پاراست.

دواتر نووسەر باس لە کۆبوونەوەی سەرۆك هۆزەکان لە کۆشکی"عالی قاپویی" سوڵتان سەلیمو هەروەها راپۆرتی ئەسلان دەکا بۆ شائیسماعیل لەگەڵ رۆیشتنی شائیسماعیل بۆ هەمەدان کە لەمبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکا: شائیسماعیلی سەفەوی لەگەڵ محەمەد خان ئەستاجلوو ژمارەیەك هێزی تەشریفاتی لە تەورێزەوە بەرەو هەمەدانو کوردستان کەوتەرێ. کاتێ گەیشتە هەمەدان، محەمەد قەرەباخی لەلایەن سەولەت ئینانلوی فەرماندەی قەرەباخەوە رەوانەی تەورێز کرا بۆ ئەوەی رووداوەکان بەوردی بگەیەنێتە شائیسماعیل.

دواتر نووسەر باس لە رۆیشتنی محەمەد قەرەباخی دەکا بۆ قەرەباخ، پاشان رۆشنایی دەخاتە سەر بوونی یان مانەوەی شا ئیسماعیل لە تەورێزو دواتر رۆیشتنی شا بۆ ئازەربێجان. هەر لەم بەشەدا، لێکۆڵیار رۆشنایی دەخاتە سەر

هەڵکەوتەی جوگرافیی چالدێران کە ٦٤ فەرسەخ لە تەورێزەوە دوورەو دەکەوێتە نێوان دوو زنجیرە شاخەوە" کە رووبەرەکەی ٧٥٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو دەشتەکەی بەلای خۆرهەلاَت و خۆرئاوادا درێژبووەتەوەو لە هەندێ شوێندا دوو زنجیرە شاخەکە بەجۆرێ لێکتر دوور دەبنەوە کە زنجیرەی دووەم لە چاو ون دەبێ.

هەر سەبارەت بە هەڵکەوتەی چالدێران، نووسەر ئاماژە بەوە دەکا:

"چالدێران سەربە قەرەعەین (یان سیا چەشمە) یەو شێوە سروشتییەکەی لاکێشەییەو لێژاییەکەی لە باکوری خۆرئاواوە بەرەو باشوورەو رووباری قەرەئینە بەلایەکی دەشتەکەدا بەرەو باکور تێپەڕدەبێ و دەرژێتە روباری ماکۆوە. "

سەبارەت بە جێگای روودانی جەنگی چالدێرانیش، نووسەر لێرەدا ئاماژە بەوەدەکا: جێگای روودانی جەنگەکە دەکەوێتە لای سەرووی سیاچەشمەی ئێستا (واتا روباری قەرەئینەی جاران) کە دەکەوێتە نێوان گوندی گول ئوشاقەو سەعدلەوەوەو ئاسەواری شەهیدان و مەزاری سەید سەدرەدین شیرازیی بەتەواوی تیایدا دیارە.

دواترو هەر لەم بەشەدا، نووسەر باس لە دامەزران و خۆقایمکردنی هێزەکان دەکا لە دەشتی چالدێرانداو لەمبارەیەوە رۆشنایی دەخاتە سەر کەلوپەلە سەربازییەکانی لەشکری عوسمانی" کە لە کاتی پەلامارەکەدا (واتا لە کاتی جەنگ چالدێراندا) لەشکری پیادەو سوارەو تۆپخانەو هێزی دەریایی پیادە نیزامییەکانی سوپای عوسمانی کرابوونە سێ دەستەوە، کە دەستەی یەکەمیان"یەنی چەرییەکان"یان پێدەوت و دەستەی دووەمیش"سەلتەکان" بووو سێیەمین دەستەیش پاسەوانە تایبەتەکانی سوڵتان بوون. ئەمە سەرباری ئەوەی دواتر نووسەر ئامارێك سەبارەت بە ژمارەی دەستە جیاجیاکانی سوپای عوسمانی دەخاتە روو و بەوردیش ئاماژە بە توانا سەربازییەکان لەرووی تۆپخانەو هێزی دەریایی و پیادەو سوارەو چەکە هەمەجۆرەکان و کەلوپەلی تۆپخانەو هەروەها فەرماندەکانی لەشکری عوسمانی دەکا.

هەر لەم بەشەدا، نووسەر باس لە چۆنیەتی دەستپێکردنی جەنگی خوێناویی چالدێران دەکا کە لە مانگی رەجەبی ساڵی ٩٢٠ی هیجری قەمەری، بەدەستپێشخەری شائیسماعیلی یەکەم، جەنگەکە بەرپاکراو لەمبارەیەوە نووسەر بەوردی باس لە پەلامارو هەڵمەتە سەربازییە یەك لە دوای یەکەکانی ئەو جەنگە دەکاو لەمیانەیدا باس لە چۆنیەتی پەلاماری شائیسماعیل و سوپاکەی دەکا بۆ سەر تۆپخانەی دوژمن و لەمبارەیەوە باس لەوەیش دەکا کە شائیسماعیل رازی نەبووە بە شەو پەلاماری تۆپخانەو لەشکری دوژمن بدرێ، چونکە ئەو کارەی بە پێچەوانەی پیاوەتی و جوامێریی داناوە.

هەر لە کۆتایی ئەم بەشە گرنگەی لێکۆڵینەوەکەیداو لەلاپەڕە کۆتاییەکانی کتێبەکەشیداو سەبارەت بە شکستی شائیسماعیل لەو جەنگەدا، نووسەر دەنووسێ: شکستی چالدێران ئاسەوارێکی قوڵی لەرۆحیەتی شائیسماعیل، کە تا ئەو رۆژە تامی چەندان سەرکەوتنی یەك لەدوای یەکی چەشتبوو، بەجێهێشت. تەنانەت هەندێ کەس دەڵێن: شا رووی لەمەی خواردنەوەیش کردو پاش مردنی سوڵتان سەلیم تەنها چوار ساڵ ژیاو زۆر هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستەی چالدێرانیدا، بەلاَم رۆژگار بواری پێنەداو ساڵی ٩٣٠ی هیجری قەمەری، کاتێ شای سەفەوی (واتا شائیسماعیلی یەکەم) بۆ راووشکار چووبووە ویلایەتی شەککی، نەخۆشکەوت و لەرەجەبی هەمان ساڵداو لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا لە سەراب مردو لە ئەردەبیل نێژرا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.